سوره 19: مريم

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

كهيعص (1)

سەرنجی سەرەتای سوورەتی (البقرة) بدە.

ذِكْرُ رَحْمَةِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا (2)

(ئەم باسە، ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) باسی ڕەحمەتی پەروەردگارتە، دەربارەی بەندەی خۆی زەکەرییا.

إِذْ نَادَى رَبَّهُ نِدَاء خَفِيًّا (3)

کاتێ کە لە (پەرستگای خۆیدا) هاناو هاواری برد بۆ پەروەردگاری بە پەنهانی.

قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُن بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيًّا (4)

وتی: پەروەردگارا، من ئێسکەکانم لاوازبوون و قژی سەرم هەرهەمووی سپێتی دایگرتووە، من هەرگیز لە دۆعاو پاڕانەوەم لە زاتی تۆ نائومێد نەبووم و (دەستت نەناوە بە ڕوومەوە).

وَإِنِّي خِفْتُ الْمَوَالِيَ مِن وَرَائِي وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا فَهَبْ لِي مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا (5)

من دەترسم لە خزم و خوێشان و عەشرەت دوای (وەفاتی) من (سەرگەردان بن، چونکە کەسێکی وایان تیا بەدی ناکەم کە شایستەی گەیاندنی پەیامەکەت بێت)، (خۆت دەزانیت) خێزانەکەشم نەزۆکە، بەڵکو لە بەخششی خۆت بەهرەوەرم بکەیت (و منداڵێکم) پێ ببەخشی کە بتوانێ جێگەی من بگرێتەوە.

يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ وَاجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا (6)

تا ببێته جێنشینی من و جێنشینی نەوەی یەعقوب (لە ئاینداری و خواناسیدا)، هەروەها پەروەردگارا بیکە بە کەسێکی وا کە تۆش و بەندەکانیشت لێی ڕازیی بن.

يَا زَكَرِيَّا إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَامٍ اسْمُهُ يَحْيَى لَمْ نَجْعَل لَّهُ مِن قَبْلُ سَمِيًّا (7)

(خوای گەورە نزای گیرا کردو فەرمووی) ئەی زەکەرییا ئێمە مژدەت دەدەینێ بەوەی کە کوڕێکت پێدەبەخشین و ناویشی یاحیایە، پێش ئەو کەسمان هاوناوی ئەو نەکردووە.

قَالَ رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ الْكِبَرِ عِتِيًّا (8)

(زەکەرییا) وتی: پەروەردگارا چۆن کوڕم پێدەبەخشی، لەکاتێکدا هاوسەرەکەشم نەزۆکە، وە منیش گەیشتوومەتە ئەوپەڕی پیری و پەککەوتەیی.

قَالَ كَذَلِكَ قَالَ رَبُّكَ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَقَدْ خَلَقْتُكَ مِن قَبْلُ وَلَمْ تَكُ شَيْئًا (9)

(خوای گەورە) فەرمووی: پەروەردگاری تۆ هەر خۆی ئەو بڕیارەی داوەو فەرموشیەتی کە ئەو کارە لای من زۆر ئاسانە، پێش تریش تۆم دروستکردووە کە هەر هیچ نەبوویت.

قَالَ رَبِّ اجْعَل لِّي آيَةً قَالَ آيَتُكَ أَلَّا تُكَلِّمَ النَّاسَ ثَلَاثَ لَيَالٍ سَوِيًّا (10)

(زەکەرییا) وتی: پەروەردگارا نیشانەیەکم پێ ببەخشە (تا دڵنیا بم، کە ئەو مژدەیە هاتۆتەدی)، (خوای گەورە) فەرمووی: نیشانەو بەڵگە (لەسەر بەدیهاتنی ئەو کوڕە ئەوەیە) کە تۆ ناتوانیت سێ شەوی تەواو (بە ڕۆژەکانیەوە) قسە لەگەڵ خەڵکیدا بکەیت.

فَخَرَجَ عَلَى قَوْمِهِ مِنَ الْمِحْرَابِ فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ أَن سَبِّحُوا بُكْرَةً وَعَشِيًّا (11)

(ئەوسا دوای دڵنیابوون) لە پەرستگاکەی هاتە دەرەوە بۆ ناو قەومەکەی وە ئاماژەی بۆ کردن (کە لەبەرانبەر نازو نیعمەت و بەخششەکانی خواوە) بەیانیان و ئێواران تەسبیحات و ستایش بکەن.

يَا يَحْيَى خُذِ الْكِتَابَ بِقُوَّةٍ وَآتَيْنَاهُ الْحُكْمَ صَبِيًّا (12)

(ئەوسا ئیتر کاتێ کە یەحیا گەورە بوو فەرمانمان پێ دا) ئەی یەحیا کتێبی (تەورات) بەتوندی بگرەو پابەندی بە، وە هەر لە تەمەنی نەوجەوانیدا، توانای جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاستمان پێبەخشی، وە بە دادوەرییەکی (ڕێك و پێك کێشەی خەڵکەکەی چارەسەر دەکرد).

وَحَنَانًا مِّن لَّدُنَّا وَزَكَاةً وَكَانَ تَقِيًّا (13)

(یەحیا) دڵ و دەروونێکی پڕ لە سۆزو خۆشەویستی و پاکو خاوێنی هەبوو کە لەلایەن خۆمانەوە پێمان بەخشیبوو، وە ئەو زۆر خواناس و پارێزکار بوو.

وَبَرًّا بِوَالِدَيْهِ وَلَمْ يَكُن جَبَّارًا عَصِيًّا (14)

هەروەها چاک ڕەفتارو جوان ڕەفتار بوو لەگەڵ باوک و دایکیدا، کەسێکی دڵڕەق و یاخی و نالەبار نەبوو.

وَسَلَامٌ عَلَيْهِ يَوْمَ وُلِدَ وَيَوْمَ يَمُوتُ وَيَوْمَ يُبْعَثُ حَيًّا (15)

درودو سەلامی لەسەر بێت لەو ڕۆژەدا کە لە دایکبوو، وە لەو ڕۆژەدا کە وەفاتی کرد، لەو ڕۆژەشدا کە هەڵدەستێ و زیندوودەبێتەوە.

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ إِذِ انتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَانًا شَرْقِيًّا (16)

(ئەی پێغەمبەر) لەکتێبی (قورئاندا) باسی بەسەرهاتی مەریەم یاد بکە، کاتێ کە کەنارگیری کرد لە کەسوکاری، شوێنێکی لە ڕۆژهەڵاتی (بيت المقدس) هەڵبژارد (بۆ خواپەرستی)

فَاتَّخَذَتْ مِن دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا (17)

لەنێوان خۆی و ئەواندا پەردەیەکی ڕایەڵ کرد (تا دوور لە خەلکی بەسۆزەوە خواپەرستی بکات). ئێمەش جوبرەئیلی فریشتەمان نارد بۆلای، وەکو بەشەرێکی تەواو (خۆی خستە بەرچاوی).

قَالَتْ إِنِّي أَعُوذُ بِالرَّحْمَن مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيًّا (18)

(مەریەم) وتی: من پەنا دەگرم بە خوای میهرەبان ئەگەر تۆ کەسێکی بەتەقواو لەخوا ترس نەبیت.

قَالَ إِنَّمَا أَنَا رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَامًا زَكِيًّا (19)

(جوبرەئیل) وتی: (مەترسە) من نێردراوی پەروەردگاری تۆم، تا منالێکی خاوێنت پێ ببەخشم.

قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا (20)

(مەریەم) وتی: من چۆن منالم دەبێت هیچ بەشەرێك توخونم نەکەوتووەو داوێن پیسیش نیم.

قَالَ كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِّنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَّقْضِيًّا (21)

(جوبرەئیل) وتی: ئەو قسانە ڕاست و دروستن (بەڵام) پەروەردگارت دەفەرموێت: ئەو کار ەلای من ئاسانە (کە بەبێ باوک ئەو منالە بهێنمە کایەوە)، تا بیکەمە نیشانەو (معجزة)یەك بۆ خەڵکی، هەروەها ڕەحمەتێکی تایبەتیش بێت لەلایەن ئێمەوە، ئیتر ئەو کارە ئەنجامدراوەو بڕیاری لەسەر دراوە.

فَحَمَلَتْهُ فَانتَبَذَتْ بِهِ مَكَانًا قَصِيًّا (22)

دەستبەجێ (مەریەم) سکی پڕ بوو، (بەدەم غەم و پەژارەوە) بەرەو شوێنێکی دوور ڕۆشت.

فَأَجَاءهَا الْمَخَاضُ إِلَى جِذْعِ النَّخْلَةِ قَالَتْ يَا لَيْتَنِي مِتُّ قَبْلَ هَذَا وَكُنتُ نَسْيًا مَّنسِيًّا (23)

ژان گرتی و بردی بۆلای قەدی دارخورمایەک، (بە دەم ئاهو ناڵەوە) دەیوت: خۆزگە پێش (ئەم بەسەرهاتە) بمردمایەو وەک شتێکی بێ نرخ فەرامۆش بکرامایە.

فَنَادَاهَا مِن تَحْتِهَا أَلَّا تَحْزَنِي قَدْ جَعَلَ رَبُّكِ تَحْتَكِ سَرِيًّا (24)

(ئەو منداڵەی کەلە داوێنی بەربۆوە) لەژێرەوە (بانگی کردو وتی: دایە گیان) خەفەت مەخۆ، ئەوەتە پەروەردگارت بەبەردەمتا جۆگەیەکی جاری کردووە.

وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا (25)

ئەو دارخورمایەش (کە پاڵت پێوە داوە) کەمێك بیجوڵێنە خورمای گەیوت بەسەردا دەبارێنێت.

فَكُلِي وَاشْرَبِي وَقَرِّي عَيْنًا فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ الْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنسِيًّا (26)

ئیتر لەو خورمایە بخۆ، لەو ئاوەیش بخۆرەوە، خەمیشت نەبێت، ئەگەر کەسێکت لەخەڵکی بینی و (پرسیاری لێ کردی) بەئیشارەت تێی بگەیەنە کە من بڕیارم داوەو نەزرم کردووە بە ڕۆژوو بم بۆ خوای میهرەبانم، ئەمڕۆ من قسە لەگەڵ کەسدا ناکەم.

فَأَتَتْ بِهِ قَوْمَهَا تَحْمِلُهُ قَالُوا يَا مَرْيَمُ لَقَدْ جِئْتِ شَيْئًا فَرِيًّا (27)

ئەوسا مەریەم منداڵی (نازداری) خۆی لەباوەش گرت و بردی بۆلای خزم و کەس وکاری (هەموو بەسەرسامییەوە وتیان): ئەی مەریەم بەڕاستی کارێکی نالەبارو ئابڕووبەرت ئەنجام داوە.

يَا أُخْتَ هَارُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ امْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا (28)

ئەی خوشکی هارون (لەبەر تەقواو خواناسی ئەو نازناوەیان پێدابوو) نە باوکت کەسێکی خراپ و (شەرواڵ پیس بووە) نە دایکیشت ئافرەتێکی داوێن پیس!!

فَأَشَارَتْ إِلَيْهِ قَالُوا كَيْفَ نُكَلِّمُ مَن كَانَ فِي الْمَهْدِ صَبِيًّا (29)

(مەریەمیش هیچی نەگووت) بەڵکو ئاماژەی بۆ ڕۆڵەی نازداری کرد (تا لەو بپرسن)، هەموو (بەسەرسامیەوە) وتیان: چۆن قسە لەگەڵ منالی سەربێشکەدا دەکرێت.

قَالَ إِنِّي عَبْدُ اللَّهِ آتَانِيَ الْكِتَابَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا (30)

(ئینجا منالی ساوا هاتە گفت و بە دەنگە ناسکەکەی) وتی: من بەندەی خوام، کتێبی (ئینجیل)ی پێ بەخشیوم، دەمکاتە فرستادەی خۆی.

وَجَعَلَنِي مُبَارَكًا أَيْنَ مَا كُنتُ وَأَوْصَانِي بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ مَا دُمْتُ حَيًّا (31)

وە منی موبارەک و پیرۆز کردووە لەهەرکوێدا بم، وە ئامۆژگاری کردووم کە نوێژەکانم ئەنجام بدەم و لە زەکاتدانیش درێغی نەکەم هەتا لە ژیاندا هەم.

وَبَرًّا بِوَالِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا (32)

(هەروەها فەرمانی پێ داوم کە) چاک ڕەفتار بم لەگەڵ دایکمدا، وە نەیکردووم بە کەسێکی زۆردارو بەد ڕەفتار.

وَالسَّلَامُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا (33)

سڵاوی پەروەردگارم لەسەربێ ئەو ڕۆژەی کە لە دایک بووم، وە ئەو ڕۆژەی کە دەمرم، وە ئەو ڕۆژەی کە زیندوو دەکرێمەوە.

ذَلِكَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ قَوْلَ الْحَقِّ الَّذِي فِيهِ يَمْتَرُونَ (34)

ئا بەو شێویە (کە باسکرا) عیسای کوڕی مەریەم (هاتە دنیاوە) هەر ئەوەشە قسەی ڕاست دەربارەی، کە ئەوانە (واتە جووەکان) گوومان بە دەوریدا دروست دەکەن (وە گاوران، بە کوڕی خوا لە قەڵەمی دەدەن).

مَا كَانَ لِلَّهِ أَن يَتَّخِذَ مِن وَلَدٍ سُبْحَانَهُ إِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ (35)

هەرگیز بۆ خوای گەورە نیە، کەس بکاتە کوڕی خۆی (چونکە پێویستی پێی نیە) پاکی بێگەردیی شایستەی ئەوە، هەر کاتیك هەر شتێك بڕیار بدات، هەر ئەوەندەی دەوێ کە پێی بڵێ ببە، ئەو شتە یا ئەو کارە خێرا پێش دێت، یا ڕوودەدات.

وَإِنَّ اللَّهَ رَبِّي وَرَبُّكُمْ فَاعْبُدُوهُ هَذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ (36)

بەڕاستی هەر خوا پەروەردگاری منیش و پەروەردگاری ئێوەشە، هەر تەنها ئەو بپەرستن هەر ئەوەشە ڕێبازی ڕاست و ڕێك.

فَاخْتَلَفَ الْأَحْزَابُ مِن بَيْنِهِمْ فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِن مَّشْهَدِ يَوْمٍ عَظِيمٍ (37)

(لەگەڵ ئەو هەموو ڕاستیانەدا) گرۆو دەستەی (گاورو جولەکە) ڕاوبۆچونی جیاوازیان هەیەو کێشە هەیە لە نێوانیاندا، هاوارو ئاهو ناڵە بۆ ئەوانەی کە کافرو بێ باوەڕن و (بڕوا بەو ڕاستیانە ناکەن) کاتێك کە قیامەت بەرپا دەبێط و دیمەنی سامناك و بەسەرهاتی گەورە دەبینن.

أَسْمِعْ بِهِمْ وَأَبْصِرْ يَوْمَ يَأْتُونَنَا لَكِنِ الظَّالِمُونَ الْيَوْمَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ (38)

ئەو ڕۆژە (کە ئەو خوانەناسانە) ڕووبەڕووی ئێمە دەبنەوەو دێن بۆلامان، دەزگای بیستن و بینینیان زۆر بەهێزەو بە هەموو هەستیانەوە گوێ بۆ بڕیاری ئێمە دەگرن، بەڵام ستەمکاران ئەمڕۆ (کە هێشتا هەر لە دنیادان) لە گومڕاییەکی ئاشکرادا دەژین.

وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ الْحَسْرَةِ إِذْ قُضِيَ الْأَمْرُ وَهُمْ فِي غَفْلَةٍ وَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ (39)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) ستەمکاران ئاگادار بکە لە ڕۆژی ئاهو ناڵەو پەشیمانی کاتێ کە کار لە کار دەترازێ، کەچێ ئەوانە هەر غافڵن باوەڕ ناهێنن.

إِنَّا نَحْنُ نَرِثُ الْأَرْضَ وَمَنْ عَلَيْهَا وَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ (40)

بەڕاستی (سەرئەنجام) هەر ئێمە دەبینەوە خاوەن و میراتگری سەرزەوی و هەرکەس لەسەریەتی، وە هەموان بۆ لای ئێمە دەگەڕێتەوە.

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا (41)

لە کتێبی (قورئاندا) باسی (گۆشەیەک لە بەسەرهاتی) ئیبراهیم (بۆ ئەو خەڵکە بگێڕەوە) ئەو کەسایەتیەک بووە، کە پێغەمبەرو ڕاست و ڕاستگۆ بوو.

إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ وَلَا يُغْنِي عَنكَ شَيْئًا (42)

کاتێ (کە خوا هیدایەتی دا) بە باوکی وت: باوکی (بەڕێزم) ئەوە تۆ بۆچی شتێك دەپەرستی کە نە گوێبیستە، بینایە (نە لە تەنگانەدا) فریات دەکەوێت.

يَا أَبَتِ إِنِّي قَدْ جَاءَنِي مِنَ الْعِلْمِ مَا لَمْ يَأْتِكَ فَاتَّبِعْنِي أَهْدِكَ صِرَاطًا سَوِيًّا (43)

ئەی باوکی (بەنرخم) ئەو زانست و زانیاریەی کە بە من گەیشتووە، (دەربارەی دەسەڵاتو تواناى بەدیهێنەری ئەم جیهانە) بۆ تۆ نەهاتووە پەیڕەوی من بکەو (گویم بۆ بگرە) ڕێنموویت دەکەم بۆ ڕێگەو ڕێبازێکی ڕاست و دروست.

يَا أَبَتِ لَا تَعْبُدِ الشَّيْطَانَ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلرَّحْمَنِ عَصِيًّا (44)

ئەی باوکی (ئازیزم) شەیتان مەپەرستە، چونکە شەیتان یاخی بووە لە خوای میهرەبان و سەرکەشیی کردووە.

يَا أَبَتِ إِنِّي أَخَافُ أَن يَمَسَّكَ عَذَابٌ مِّنَ الرَّحْمَن فَتَكُونَ لِلشَّيْطَانِ وَلِيًّا (45)

ئەی باوکی (بەڕێزم) من دەترسم سزایەک لەلایەن خوای میهرەبانەوە یەخەت پێ بگرێت، ئەو کاتە ئیتر دەبیتە یارو یاوەرو هاودەمی شەیتان (لەناو دۆزەخدا).

قَالَ أَرَاغِبٌ أَنتَ عَنْ آلِهَتِي يَا إِبْراهِيمُ لَئِن لَّمْ تَنتَهِ لَأَرْجُمَنَّكَ وَاهْجُرْنِي مَلِيًّا (46)

(باوکی ئیبراهیم بە سەغڵەتیەوە) وتی: بۆچی ئەی ئیبراهیم تۆ (ئەوەندە) لە خواکانی من بێزاری، ئەگەر کۆڵ نەدەیت (لێت قوبوڵ ناکەم و) بەرد بارانت دەکەم بڕۆ، (ون بە لەبەرچاوم) هەر نەتبینمەوە.

قَالَ سَلَامٌ عَلَيْكَ سَأَسْتَغْفِرُ لَكَ رَبِّي إِنَّهُ كَانَ بِي حَفِيًّا (47)

ئیبراهیم وتی: سڵاوت لێ بێ (وا من دەڕۆم) داوای لێ خۆشبوون و (هیدایەتت) لە پەروەردگارم بۆ دەخوازم، چونکە ئەو زاتە منی خۆش دەوێ و ڕێزی بۆ داناوم.

وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَأَدْعُو رَبِّي عَسَى أَلَّا أَكُونَ بِدُعَاء رَبِّي شَقِيًّا (48)

وە من دوور دەکەومەوەو کەنارگیری دەکەم، لە ئێوەو لەو شتانەی کە لە جیاتی خوا دەیپەرستن، من تەنها هاناو هاوار بۆ پەروەردگارم دەبەم و هەر ئەو دەپەرستم، ئومێدەوارم کە پەروەردگارم نائومێدم نەکات و دۆعاو نزاو پەرستنم لێ وەربگرێت.

فَلَمَّا اعْتَزَلَهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَكُلًّا جَعَلْنَا نَبِيًّا (49)

کاتێك کە ئیبراهیم کۆچی کردو، دوور کەوتەوە لەو خەڵکە گومڕایەو لەو شتانەی کەلە جیاتی خوا دەیانپەرست، ئێمە ئیسحاق (وەلە ئیسحاقیش) یەعقوبمان پێ بەخشی، هەریەك لەوانیشمان کردە پێغەمبەر.

وَوَهَبْنَا لَهُم مِّن رَّحْمَتِنَا وَجَعَلْنَا لَهُمْ لِسَانَ صِدْقٍ عَلِيًّا (50)

بێگومان ئێمە لە ڕەحمەت و بەخشندەیی خۆمان هەموویانمان بەهرەوەر کرد، وە ئێمە زمانی (خەڵکی دیندارمان) هێناوەتە گفتوگۆ (کە هەتا دنیا دنیایە) باسی ئەوانە بەچاکی و پاکیی و بڵندیی بکەن.

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مُوسَى إِنَّهُ كَانَ مُخْلَصًا وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا (51)

لە کتێبی (قورئاندا) باسی موساش بکە، ئەو کەسێکی دڵسۆز بوو، ئەو پێغەمبەرو فرستادە بوو.

وَنَادَيْنَاهُ مِن جَانِبِ الطُّورِ الْأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَاهُ نَجِيًّا (52)

لەلای ڕاستی کێوی (طور)ەوە بانگمان لێ کرد، لە نزیکەوە گفتوگۆمان بۆ کرد.

وَوَهَبْنَا لَهُ مِن رَّحْمَتِنَا أَخَاهُ هَارُونَ نَبِيًّا (53)

وە ئێمە بە ڕەحمەتو بەخشندەیی خۆمان هاروونی برایمان کردە پێغەمبەر (و هاوکار) بۆی.

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِسْمَاعِيلَ إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا (54)

لە کتێبی (قورئاندا) باسی ئیسماعیل بکە، بەڕاستی ئەو لە بەڵێن و پەیمانەکانیدا ڕاستگۆ بوو، وە ئەو پێغەمبەرو فرستادەش بوو.

وَكَانَ يَأْمُرُ أَهْلَهُ بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ وَكَانَ عِندَ رَبِّهِ مَرْضِيًّا (55)

(ئیسماعیل) هەمیشەو بەردەوام، فەرمانی دەدا بە خێزانی و خزمانی، کە نوێژەکانیان (بەڕێکو پێکی و لەکاتی خۆیدا) ئەنجام بدەن، وە زەکاتیش

فەرامۆش نەکەن، وە ئەو لای پەروەردگاری شایستەی ڕێزو ڕەزامەندیی بوو.

وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِدْرِيسَ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا (56)

هەروەها لە کتێبی (قورئاندا) باسی ئیدریس بکە، چونکە ئەویش پێغەمبەرێکی زۆر ڕاستکارو ڕاستگۆبوو..

وَرَفَعْنَاهُ مَكَانًا عَلِيًّا (57)

(لەبەر ئەوە ڕێزی) زۆرمان لێ گرت، وە پایەدارو بەرزو بڵندمان کردووە.

أُولَئِكَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ مِن ذُرِّيَّةِ آدَمَ وَمِمَّنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ وَمِن ذُرِّيَّةِ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْرَائِيلَ وَمِمَّنْ هَدَيْنَا وَاجْتَبَيْنَا إِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُ الرَّحْمَن خَرُّوا سُجَّدًا وَبُكِيًّا (58)

ئائەوانە کەسانێکن کە خوای گەورە نازو نیعمەتی بەسەردا ڕشتوون لە پێغەمبەران، لە نەوەی ئادەم وە ئەوانەش (کە لە کەشتیەکەدا) لەگەڵ نوح دا سوارمان کردن، وە لە نەوەی ئیبراهیم و یەعقوب، وە لەوانەی کە هیدایەتمان داون و هەڵمان بژاردوون، ئەوانە هەرکاتێک ئایەتەکانی خوای میهرەبانیان بەسەردا بخوێنرێتەوە، بە پەلە سوژدە دەبەن و ئەسرین لە دیدەیان دەبارێت (لە سۆزو خۆشەویستی پەروەردگاریان) دەگرین.

فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلَاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا (59)

لەدوای ئەوان کەسانێك لە نەوەکانیان بوونە جێ نشین، کە نوێژەکانیان بە زایە دا، وە شوێنی ئارەزواتی نەفسیان کەوتن، ئەوانە توشی گومڕای و سەگەردانی و سزا دەبن (لە دنیاو قیامەتدا).

إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَأُوْلَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ شَيْئًا (60)

جگه لەوانەی کە تەوبە دەکەن و باوەڕی دامەزراو دەهێنن و کارو کردەوەی چاک ئەنجام دەدەن، ئا ئەوانە دەچنە بەهەشتەوە، وە هیچ جۆرە ستەمێکیان لێ ناکرێت.

جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتِي وَعَدَ الرَّحْمَنُ عِبَادَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّهُ كَانَ وَعْدُهُ مَأْتِيًّا (61)

ئەو بەهەشتە پڕ لە باخو باخاتە چڕانەی کە خوای میهرەبان بەڵێنی پێ داون لە جیهانی شاراوەدا، (کە هێشتا نەیاندیوە) بەڕاستی ئەو بەڵێنەی خوا بەڕێوەیەو هەر دێت.

لَا يَسْمَعُونَ فِيهَا لَغْوًا إِلَّا سَلَامًا وَلَهُمْ رِزْقُهُمْ فِيهَا بُكْرَةً وَعَشِيًّا (62)

ئەوسا لەوێ هیچ گوفتارێکی نابەجێ نابیستن، جگە لە سڵاوکردن و (گوفتاری خۆش وبەجێ) وە لە بەیانیان و ئێواراندا (لە هەموو کاتێکدا) ڕزق و ڕۆزی (خواردن و خواردنەوەی خۆش و بەتام) بۆیان ئامادەیە.

تِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي نُورِثُ مِنْ عِبَادِنَا مَن كَانَ تَقِيًّا (63)

ئەو بەهەشت و شوێنە خۆشە، بەو بەندانەمان دەبەخشین و دەیکەینە خاوەنی ، کە خواناس و پارێزکارن.

وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلَّا بِأَمْرِ رَبِّكَ لَهُ مَا بَيْنَ أَيْدِينَا وَمَا خَلْفَنَا وَمَا بَيْنَ ذَلِكَ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا (64)

(ماوەیەک وەحی وەستا، پێغەمبەر صلی اللە علیە وسلم لە فریشتە جوبرەئیلی پرسی، خوای گەورە لە قورئاندا وەڵامی دایەوە کە): ئێمە بە ەرمانی پەروەردگارت نەبێت دانابەزین، هەرچی داهاتوو ڕابردوو، وە ئەوەش کە لە نێوانیاندا هەیە، هەروەها دنیاو قیامەت هەمووی بەدەست خوایە وە نەبێ پەروەردگاری تۆ (هیچ شتێك) فەرامۆش بکات.

رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا فَاعْبُدْهُ وَاصْطَبِرْ لِعِبَادَتِهِ هَلْ تَعْلَمُ لَهُ سَمِيًّا (65)

پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و هەموو دروستکراوانی نێوانیانە، کەواتە هەر ئەو زاتە بپەرستەو زۆر بەردەوام و خۆگر بە لە پەرستنیدا، ئایا کەس شک دەبەی هاوناوی ئەو بێت و؟ هاوتای ئەو بێ؟ (خاوەنی سیفەتی بەرزو بڵندو پیرۆز بێت وەک ئەو).

وَيَقُولُ الْإِنسَانُ أَئِذَا مَا مِتُّ لَسَوْفَ أُخْرَجُ حَيًّا (66)

ئادەمیزادی (بێ باوەڕ) دەڵێت: ئاخۆ کە مردم، لە ئایندەدا زیندوو دەکرێمەوە؟!

أَوَلَا يَذْكُرُ الْإِنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن قَبْلُ وَلَمْ يَكُ شَيْئًا (67)

باشە ئادەمیزاد بۆ ئەو یاد ناکات کە ئێمە پێشتر دروستمان کرد خۆ هەر هیچ نەبوو.

فَوَرَبِّكَ لَنَحْشُرَنَّهُمْ وَالشَّيَاطِينَ ثُمَّ لَنُحْضِرَنَّهُمْ حَوْلَ جَهَنَّمَ جِثِيًّا (68)

سوێند بە پەروەردگارت (خوانەناسان) و شەیتانەکان کۆدەکەینەوە، وە هەموویانبەدەوری دۆزەخدا بەجۆکدا دێنین و (دەیانخەینە ناوی).

ثُمَّ لَنَنزِعَنَّ مِن كُلِّ شِيعَةٍ أَيُّهُمْ أَشَدُّ عَلَى الرَّحْمَنِ عِتِيًّا (69)

لەوەودوا لەهەر گرۆو دەستەیەك، ئەوانە دەردەکێشێن کە زۆر یاخی بوون لە خوای میهرەبان و (دژایەتی دین و بەرنامەکەیان دەکرد).

ثُمَّ لَنَحْنُ أَعْلَمُ بِالَّذِينَ هُمْ أَوْلَى بِهَا صِلِيًّا (70)

ئینجا زۆر چاک ئاگادارین بەوەی کە کێ لەوانە لە پێشترو شایستەترە بەوەی کە زوو بخرێتە ناو (ئاگری دۆزەخەوە).

وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا كَانَ عَلَى رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا (71)

ئێوه (خه‌ڵكینه هه‌ر هه‌مووتان) به‌سه‌ر (دۆزه‌خدا) تێ ده‌په‌ڕن،
(ئیمانداران بۆ ئه‌وه‌ی زیاتر قه‌دری به‌هه‌شت و ڕه‌حمه‌تی خوا بزانن،
كافران بۆ ئه‌وه‌ی بكه‌ونه ناوی) وه ئ ه‌م (پێشهاته) شتێكی بڕیار دراوه
هه‌ر جێبه‌جێ ده‌كرێ.

ثُمَّ نُنَجِّي الَّذِينَ اتَّقَوا وَّنَذَرُ الظَّالِمِينَ فِيهَا جِثِيًّا (72)

له‌وه‌دوا ئه‌وانه ڕزگار ده‌كه‌ین كه پارێزكارو خواناس بوون،
سته‌مكارانیش له‌ناو دۆزه‌خدا به‌چۆكدا دێنین.

وَإِذَا تُتْلَى عَلَيْهِمْ آيَاتُنَا بَيِّنَاتٍ قَالَ الَّذِينَ كَفَرُوا لِلَّذِينَ آمَنُوا أَيُّ الْفَرِيقَيْنِ خَيْرٌ
مَّقَامًا وَأَحْسَنُ نَدِيًّا (73)

هه‌ركاتێ ئایه‌ته‌كانی ئێمه به‌سه‌ر (بێ باوه‌ڕاندا) به ڕوون ئاشكرا
بخوێنرێته‌وه، ئه‌وانه‌ی كه بێ باوه‌ڕن به ئیمانداران ده‌ڵێن: باشه كام له‌و
دوو ده‌سته‌یه، جێگه‌و ڕێگه‌ی خۆش و ژیانی پڕ عه‌یش و نۆشی بۆ
لواوه!! (نه‌فامان پێوه‌ریان ژیانی دنیای ته‌مه‌ن كۆتایه).

وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَحْسَنُ أَثَاثًا وَرِئْيًا (74)

چه‌نده‌ها قه‌وم و خه‌ڵكی (ناله‌بارمان) پێش ئه‌مان له‌ناو داوه، كه‌ل و په‌لو
ناوماڵیان له‌مان چاكتر بووه، وه سیماو قیافه‌شیان له‌مان ڕێكو پێكتر
بووه.

قُلْ مَن كَانَ فِي الضَّلَالَةِ فَلْيَمْدُدْ لَهُ الرَّحْمَنُ مَدًّا حَتَّى إِذَا رَأَوْا مَا يُوعَدُونَ
إِمَّا الْعَذَابَ وَإِمَّا السَّاعَةَ فَسَيَعْلَمُونَ مَنْ هُوَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضْعَفُ جُندًا (75)

(ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر تۆ) بڵێ: ئه‌وه‌ی له گومڕاییدا ده‌ژی با هه‌ر خوای
میهره‌بان ته‌مه‌نی درێژو ماڵ و سامان ودنیای پێ ببه‌خشێ (به‌جێ
ده‌چێ، ئه‌وپه‌ڕی ئه‌وه‌یه) كاتی ئه‌وه نزیكه كه ئه‌و هه‌ڕه‌شانه‌ی لێیان
كراوه بێته دی، یان سزاو ئازاری دنیایه، یا به‌رپابوونی قیامه‌ته
(خوانه‌ناسان) له ئاینده‌دا ده‌زانن كێ جێگه‌و ڕێگه‌ی ناخۆشه‌و كێ
له‌شكرو سه‌ربازانی لاوازه.

وَيَزِيدُ اللَّهُ الَّذِينَ اهْتَدَوْا هُدًى وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ مَّرَدًّا (76)

بێگومان ئەوانەی ڕێبازی هیدایەتیان گرتوتە بەر خوا زیاتر هیدایەتیان دەدات، ئەو کاروکردەوە چاکانەش کە دەست پێشکەری دەکرێ، چاکترە لای پەروەردگارت، پاداشتی (بێ سنووره)و چاکترین شوێنیش (بۆ ئەو جۆرە کەسانە) ئامادەیە.

أَفَرَأَيْتَ الَّذِي كَفَرَ بِآيَاتِنَا وَقَالَ لَأُوتَيَنَّ مَالًا وَوَلَدًا (77)

ئایا ئەو جۆرە کەسانەت بینیوە، کە باوەڕی بە ئایەتەکانی ئێمە نیەو (بە لەخۆباییبوونەوە) دەڵێ: من دەبمە خاوەنی سامان و کوڕو نەوە.

أَطَّلَعَ الْغَيْبَ أَمِ اتَّخَذَ عِندَ الرَّحْمَنِ عَهْدًا (78)

باشە، ئاخۆ (ئەو بەندە یاخییە) بە نهێنی و شاراوەکانی زانیوە، یاخود بەڵێنی وەرگرتووە لە خوای میهرەبان (کە دنیا بەدڵی ئەو بێت؟!).

كَلَّا سَنَكْتُبُ مَا يَقُولُ وَنَمُدُّ لَهُ مِنَ الْعَذَابِ مَدًّا (79)

نەخێر (بە دڵی ئەو نابێت) ئەوەی کە دەیڵێ تۆماری دەکەین لەسەری، وە سزای دوورودرێژی بۆ دەڕەخسێنین.

وَنَرِثُهُ مَا يَقُولُ وَيَأْتِينَا فَرْدًا (80)

بێگومان ئەوەی (ئەو خوانەناسە) دەیڵێت: (لەسەری دەکەوێت) و خاوەنی دەبێت، وە بە تەنهاش دێتە لامان (بۆ لێپرسینەوە).

وَاتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ آلِهَةً لِّيَكُونُوا لَهُمْ عِزًّا (81)

(ئەو بێ باوەڕانە) لە جیاتی خوا جۆرەها شتی تریان کردۆتە خوای خۆیان تا پەیەداریی و دەسەڵاتیان (بە خەیاڵی خۆیان دەست بکەوێت).

كَلَّا سَيَكْفُرُونَ بِعِبَادَتِهِمْ وَيَكُونُونَ عَلَيْهِمْ ضِدًّا (82)

نەخێر (خەیاڵیان خاوە، ئەو شتانەی ئەوان دەیپەرستن، لە ڕۆژی قیامەتدا) باوەڕیان بە پەرستنی ئەوان نیەو نارەزایی دەردەبڕن، (بەڵکو بە سەختیی) دژایەتیان دەکەن و بەرپەرچیان دەدەنەوە.

أَلَمْ تَرَ أَنَّا أَرْسَلْنَا الشَّيَاطِينَ عَلَى الْكَافِرِينَ تَؤُزُّهُمْ أَزًّا (83)

ئایا نابینی کە ئێمە چۆن شەیتانەکان دەنێرینە سەر کافرو خوانەناسان، هانیان دەدەن بۆ تاوان و گوناهو خراپە بە گەرمیی.

فَلَا تَعْجَلْ عَلَيْهِمْ إِنَّمَا نَعُدُّ لَهُمْ عَدًّا (84)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) هیچ خەمت نەبێت، چونکە ئێمە بە وردیی هەموو کارو کردەوەیان بە ژمارە تۆمار دەکەین.

يَوْمَ نَحْشُرُ الْمُتَّقِينَ إِلَى الرَّحْمَنِ وَفْدًا (85)

ڕۆژێك دێت ئێمە (دەستە دەستە) خواناس و پارێزکاران بۆلای خوای میهرەبان بەڕێ دەکەین (تا بەدیداری شاد ببن و بیانخاتە بەهەشتەوە).

وَنَسُوقُ الْمُجْرِمِينَ إِلَى جَهَنَّمَ وِرْدًا (86)

تاوانبارو گوناهکارانیش بە پەلە ڕاو دەنێن بۆ ناو دۆزەخ.

لَا يَمْلِكُونَ الشَّفَاعَةَ إِلَّا مَنِ اتَّخَذَ عِندَ الرَّحْمَنِ عَهْدًا (87)

ئەوانە کەس، تکاکاریان نیەو تکاکردن بە دەست ئەوان نیە، بەڵکو بەدەست ئەو کەسەیە کە لەکاتی خۆیدا خوای میهرەبان بەڵێنی داوەتێ (لە پێغەمبەران و شەهیدان و...هتد).

وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا (88)

(جولەکەو گاورو بت پەرستان) دەڵێن: خوای میهرەبان کوڕی هەیە!!

لَقَدْ جِئْتُمْ شَيْئًا إِدًّا (89)

بەڕاستی (بوختانێکی) ناقۆڵاو (گوفتارێکی ناشایستەو نابەجێ (دەڵێن).

تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنشَقُّ الْأَرْضُ وَتَخِرُّ الْجِبَالُ هَدًّا (90)

ئاسمانەکان (لە ناقۆڵایی) ئەو گوفتارە، خەریکە لەت و پەت دەبێت، زەوی خەریکە قاژقاژ دەبێت، کێوەکان خەریکن وردوخاش دەبن.

أَن دَعَوْا لِلرَّحْمَنِ وَلَدًا (91)

کاتێک کە (نەفامان) بوونی کوڕ و نەوە دەدەنە پاڵ خوای میهرەبان.

وَمَا يَنبَغِي لِلرَّحْمَنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا (92)

هەرگیز بۆ خوای میهرەبان نەهاتووە ڕەوا نیە کە کوڕ بۆ خۆی بڕیار بدات.

إِن كُلُّ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِلَّا آتِي الرَّحْمَنِ عَبْدًا (93)

بەڕاستی هەرکەس لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە (هەر هەموویان) (بیانەوێت و نەیانەوێط) بەندەی ملکەچی خوای میهرەبانن، وە لە ڕۆژی ڕەستاخێزدا (بە ناچاریی) دەبێت ئامادەبن.

لَقَدْ أَحْصَاهُمْ وَعَدَّهُمْ عَدًّا (94)

بێگومان هەر هەموویانی سەرژمێر کردووەو (کەسی لێ ون نابێت).

وَكُلُّهُمْ آتِيهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَرْدًا (95)

هەرهەمووشیان ڕۆژی قیامەت دێنە پێشەوە، بۆلای بەتاك و تەنها (بێ پاسەوان و بێ کەس).

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ سَيَجْعَلُ لَهُمُ الرَّحْمَنُ وُدًّا (96)

بەڕاستی ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کارو کردەوەی چاکیان ئەنجامداوە، خوای میهرەبان سۆزو خۆشەویستی و ڕێزی (تایبەتی) بۆ

ئامادە کردوون، (هەروەها لەلایەن فریشتەکان و ئیمانداران و نیشتەجێکانی بەهەشتەوە) خۆشەویست و ڕێزدارن.

فَإِنَّمَا يَسَّرْنَاهُ بِلِسَانِكَ لِتُبَشِّرَ بِهِ الْمُتَّقِينَ وَتُنذِرَ بِهِ قَوْمًا لُّدًّا (97)

ئێمە ئەم قورئانەمان ئاسانکردووەو بە زمانی تۆ ڕەوانەمان کردووە، تا بیکەینە مژدە بۆ پارێزکارو خواناسەکان، هەروەها کەسانی سەرسەخت و کەلەڕەقی پێ بێدار بکەیتەوە.

وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هَلْ تُحِسُّ مِنْهُم مِّنْ أَحَدٍ أَوْ تَسْمَعُ لَهُمْ رِكْزًا (98)

ئێمە چەندەها قەوم و خەڵکی (نالەبارمان) پێش ئەمان لەناو بردووە، ئایا هەست دەکەیت کە یەکێ لەوانە مابێت، یا سرتەیەک چرپەیەک، مشەیەکیان لێوە بێت؟!